# ئەندێشەکانی خۆشەویستی



**سیروان محەمەد**

خۆشەویستی، ئەو هەستە مرۆییە کە بە دەوروبەرەوە گرێمان دەدات و دەبێتە پردی پەیوەندییە رۆحییەکانمان.. ئەو چاوگە رووناکییەیە گۆشە تاریکەکانی تەنیایی و بێزاری و بێدەنگیمان بۆ رووناکدەکاتەوە..!، خۆشەویستی، ئەو ئاوازە سازەیە، خەمەکانمان دەرەوێنێتەوە..!

بەخۆشەویستیی عیشقمان بۆ: ژیان، داهێنان، نیشتمان و جوانی، زیاد دەکات..!.

(گیتس)ی شاعیر دەڵێت:

"خۆشەویستییە، وادەکات ئەم گەردوونە بخولێتەوە"..!

"ئەو کاتانەی، دڵەکانمان، خۆشەویستی تیایدا شەپۆل نادات، دەبینە بوویەکی خۆپەرست، ئاوێنە جوانەکانی ژیان تەڵخ دەکەین، گەردوون پردەکەین لە رق و قین و ناشیرینی و وێرانکردن!".

(تۆماس کارلایل) دەڵێت:

"سۆز ئەو قەڵغانەیە کە رۆحی مرۆڤ لە خۆپەرستی دەپارێزێت".

(شەکسپیر) دەڵێت:

"خۆشەویستی قەت نابێت بە خۆشەویستی راستەقینە، هەرکاتێك شوێنی چرکەساتێکی بۆ گۆرین تێدا ببێتەوە!".

"قەت لە خۆشەویستی، مەترسە، خۆشەویستی راستەقینە، ترسەکان دەرەوێنێتەوە".

"کاری باش قەت ون نابێت، هەر کەسێك رێز بچێنێت هاورێیەتی دەدورێتەوە، نەرمونیانی بچێنێت، خۆشەویستی دەدورێتەوە..!"

(وستکوتی) راهب دەڵێت:

"ئەوەی دەتوانین لە پێناوی کەسێکدا بیکەین تاقیکردنەوەی تواناکانمانە، ئەوەی دەشتوانین کە تەحەمولی بکەین لە پێناوی کەسێکدا، تاقیکردنەوەی خۆشەویستیمانە".

"خۆشەویستی راستەقینە، گەوهەرێکی گرانبەهایە لە خاکی هەموو دەروونێکدا نییە، خۆشەویستی راستەقینە، دەیجورترین تاریکە شەوەکان رووناك دەکاتەوە.. سەختترین تاقیکردنەوەکان دەبرێت.. بەرەنگاری سەختترین هەلومەرجی گۆران دەبێتەوە.. لە خۆیەوەو بە ئارەزووی تۆ نامرێت.. ناتوانیت لە ناوی بەریت.. تەنها لەسەر دەستی ئەو کەسە نەبێت کە داوێتی..".

خۆشەویستی..!

وامان لێدەکات، لەبن باری خەم و ئازارەکاندا، بەرگە بگرین و چۆك دانەدەین.. کۆڵ نەدەین و بەهیوابین..

خۆشەویستی، وەك هاورێیەتی، ملکەچی یاساکانی هۆو ئەنجامە، خۆشەویستییە گەورەکان، لە ئەنجامی هەوڵی گەورەدا دروست دەبن.. خۆشەویستی، گەر لەسەر بناغەی رێزو وەفاو هەڵوێست دابنرێت، گەشە دەکات، بۆ هەتاهەتایە زیندوو نەمرو بەردەوام دەبێت..!

*لە خۆشەویستی راستەقینەدا، شوێنێك بۆ رق و رەخنەو خۆپەرستی، پشتگوێخستن و بیرچوونەوە نییە، بەڵام دەبێت هەمیشە لە خۆمان بپرسین:

ئایا من رەچاوی هەست و مافی خەڵکیتر دەکەم؟ ئایا من خۆپەرست نیم؟ زۆر بیر لە حەزەکانی خۆم ناکەمەوە..؟ بیر لە بەختەوەریی کەسانی دەوروبەری خۆم دەکەمەوە؟ یان بیر لە بەرژەوەندیی کەسی خۆشەویستم، حەزەکانی و بیروراکانی دەکەمەوە؟ یان هەوڵ دەدەم لەگەڵ بەرژەوەندیی و حەزو بیروراکانم.. بیگونجێنم..؟

بە داخەوەو لەگەڵ ئەمانەدا، خۆشەویستی.. وەك گشت شتە دانسقەو دەگمەنەکان.. قابیلی شکانە.. خۆشەویستی.. رۆحە.. سیحرە.. مادده نییە.. جەستە نییە دەستی لێبدەین.. یاسا تایبەتییەکانی جێگیرکردن و رێکخستنی نازانین.. خۆشەویستی، بێ بەرانبەر دەدرێت، هەر زۆرجار خۆمان گوێ بە نرخەکەی نادەین..!

خۆشەویستی.. بەنرخترین شتە لە ژیاندا، ئەو سەوڵەیە گەمێی ژیان ئاراستە دەکات.. پێویستە بیناسین، بۆی بژین و ئاشنای بین، بۆی ماندووبین، لە کاڵبونەوەو روشاندن، ئازاردان و ویرانکردن، تێکدان و دابران، بیپارێزین.

**"خۆشەویستییە، وادەکات ئەم گەردوونە بخولێتەوە"..!**